

# ڕۆمانی نوێی کوردی؛

## کات یان کات- شوێن لە گرەوی بەختی هەڵڵەدا

ساڵح سووزەنی

«ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەوشاخ، شارەوشار، وڵاتە بە وڵات شوێنت بکەوێ.. تا لێرە، لە ستۆکهۆڵم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵاخانەی ژمارە هەژدە.. لە سینگت بچەقێ..»

گرەوی بەختی هەڵڵە- دەسپێک

هۆکارێتی (علیت) نێوان؛ کات و شوێن و کەس و رووداو، لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی داستانی و رۆمانن و هەر لە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەوە، کات و شوێن لە پرسیارە سەرەکییەکان بوون. زۆرێ لە بیرمەندان بەس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کاتاوی (زەمانمەند)و شوێناوی (مکانمندا) دەناسن.. زنۆن (شاگردی پارمینوس و لە فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن) لە شەڕەقەڵەمێک بەرامبەر «فیساغورێس» دەڵێ؛ تیرێک کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەهاوێژرێ، هەر کاتێک لە شوێنێکی دیاریکراودایە..و ئەمەش یانی وەستان. کە وایە زەمەن و جووڵە بریتین لە بەردەوامیی وەستاوەکان (توالی سکنات). ئەم رایە لە بۆچوونی «ئسپینۆزا» تا «هێگل»ەوە پارێزراوە؛

هێگل بەگشتی لای وایە سروشت کاتێکی سەرئاوەژوە.. و کات بزاڤێکە کە پێوەندیی نێوان شتەکان سازدەکا..

«بێرگسۆن»یش زەمەن وەک بەردەوامی و درێژبوونە پێناسەدەکا؛

١. (بەردەوامیی واقیعی) واتە درێژبوونەوەی کاتی پێشوو لە هەنووکە و داهاتوودا..

٢. (بەردەوامی یان کاتی زانستی) کە بەپێی جووڵەی کاتژمێر دیاری دەکرێ و بەڕای بێرگسۆن ئەوە بەس وەهمێکە لەکات بۆ ئەوەی کات بە ئامێرێکی جگەخۆی ئەنوێنرێتەوە...

رەنگە جۆری گێڕانەوە لە چیرۆک و رۆماندا باشترین سەرچاوە بێ بۆ خوێندنەوەی کات و شوێن. لەئەدەبی کلاسیکی و ریالیستیدا کات و شوێن بەپێی هێڵێکی بە رواڵەت مەنتیقی پێکەوە و لەپاژەوە بۆ گشت ئەنوێنرێنەوەو موو ناچێ بە بەینیاندا.. ئەگەر ئەم هێلە بە چۆمی «میسی سیپی»لە رۆمانی هاکلێبری فین (و زۆربەی ئەو رۆمانانەی کە بە پیکارێسک بەناوبانگن)دا بشوبهێنین، دەبینین کە شوێن و کات لەهەر ئان و ساتدا، چرکە لەدوای چرکە و شوێن، لەپاڵ شوێن. چۆن دەنوێنرێن و پێکەوە موتوربە بوون و لێک جوێ نابنەوە..

بۆچوونەکانی بێرگسۆن (بەردەوامی و درێژبوونەوەی زەمەن بەو مانا کە کاتی رابردوو نەفەوتاوە و لە ئێستای مەدا دەژییێتەوە) لە رۆمانی مودێرندا شوێنی باشی داناوە و دەبینین کە لە رۆمانگەلی وەک «گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوو»ی مارسێل پرۆست و «ئولیس»ی جۆیس و «قین و قرە» فۆکنەر و «ئورلاندۆ»ی فیرجینیا وۆڵف و... چۆن هەوڵی سڕینەوەی کاتی زانستی دراوە و هەموو مێژوو لە کاتگەلێکی کورتدا نوێنراونەتەوە..

پۆل ریکۆر ئەیوت؛ «گێڕانەوە ئەوەندەی مانادارە کە تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی کاتیی (زەمەن) وێنا بکاتەوە.. چیرۆکی ئەمرۆ بە وەرگرتنی هەوێنی زێهنی، چۆنیەتیی کات و شوێنەکەی دەگۆڕدرێ.. بە یارمەتیی گەڵاڵەی چیرۆک ئەتوانین ئەزموونی کاتی ئاڵۆز و بێ بیچم و تەماویی خۆمان، رێک و پێک بکەین یان بەسازکردنی پێکهاتەیەکی دیکە لەوان، مانای نوێ سازبکەین».. لە راستیدا ئەدەبی مودێرن ئیتر کات بە شێوەی میکانیکی و لەسەر هێڵی کلاسیکی (و چۆمی میسیسیپی) پێناسە ناکات؛ بەرهەمەکانی جۆیس جەخت دەکاتە سەر بەردەوامی و درێژبوونەوەی چرکەکانی رابردوو لە ئێستادا، سێڵاوی دەورە جیاوازەکانی کاتی بەشێوەی بەردەوام و لەگەڵ یەکدی، هەڵقوڵانی نارێکوپێکی ئەزموونی دەروون و بیرەوەرییەکان و..




کات و شوێن و کەس و رووداو، لە بنەما سەرەکییەکانی ئەدەبی داستانی و رۆمانن و هەر لە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەوە، کات و شوێن لە پرسیارە سەرەکییەکان بوون. زۆرێ لە بیرمەندان بەس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کاتاوی (زەمانمەند) و شوێناوی (مکانمندا) دەناسن



زمانی «ئیستفێن دادالووس»لە ئولیس_ی جۆیسدا هەمان زمانی بێرگسۆنە بە شێوەیەکی تر؛ «زمانی ئێستا بەکار بهێنە! هەر ئێرە، کە هەموو داهاتوو لەم رێگەوە دەرژێتە ناو رابردوو..»١

ئەو ژیانی شارێک لە هەژدە کاتژمێردا (رۆژی١٦ی ژوئێنی ساڵی١٩٠٤، ١ی بەیانی تا چەند کاتژمێر دوای نیوە شەو) دەسازێنێتەوە و لە هەمانکاتدا ئەو یەک رۆژە دەکاتە پانتایی کات و شوێنی هەموو مێژوو.. واتە خەلقی جیهانێکی بچووک لە هەموو عالەمی بوون (کە رۆژی ١٦ی ژوئێن بە پرسەیەک دەستپێدەکا و بە لەدایکبوونێک کۆتایی دێ. ئەم چەشنە روانینە لە کات و شوێن بە جۆرێ سڕینەوەی کات و شوێنی بەناو زانستییە کە بە رواڵەت هەر لەیەکەم روانیندا دەبینرێ و لە راستیدا بەس رووکەشی یەکەمی واقیعە و دەروونی نەبووەتەوە. دەروونی کردنی شوێن و رووداو لە رۆمانی مودێرندا بوو بەهۆی چەشنە دابڕان یان چاونووقاندن لە کات بە شێوەی راوەستاندنی لە هەنووکەدا...

**ئایا مرۆڤ دەتوانێ لەزەمەن دابڕێ؟**

کاتی خۆی ئالبێر کامۆ نووسیی «ئەگەر کەسێ تاقە رۆژێکیش ژیابێت، با ئاسانی دەتوانێ سەدساڵ لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە، بیرەوەریەکانی ژیانی ئەوەند دەبێ کە وەڕەز نەبێ»

بەو حاڵەش دەبینین کە کاتی «یەک رۆژ» و «سەدساڵ» کاریگەریی خۆی چ لە کاتی زانستیدا (یەک رۆژ) و چ لەکاتی دەروونی (بیرەوەریی سەدساڵە) گرینگی خۆی چەسپاندووە.

«رۆماننووسی مودێرن هەوڵئەدا ساتگەلێک لە زەمەن لە هەر قۆناغێکی تەمەنی کەسایەتیدا، تەنانەت هەر ئەو چرکە کورتانەی بەلایدا تێپەر دەبێ راگرێ، رەنگە چەندین کاتژمێر لە وێنەیەک بڕوانێ یان بیر لە بەرجەوەنی شاریک بکاتەوە.. لە «دالوو خاتوون» (بەرهەمێکی فیرجینیا وۆلف)دا راوی (بگێڕەوە) رووداوە سەرەکیەکانی رۆژێکی خۆشی هەتاویی مانگی ژوئێن لە لەندەن دەگێڕێتەوە.. کاتی ژیان (زانستی) لەم رۆمانەدا تا چەند کاتژمێری دوای نیوەشەو دەخایەنێ، بەڵام کاتی گێڕانەوە درێژ و دەروونی بووەتەوە و تا کاتی مەرگ ژیانی تێدا کورت و گووشراوە (فشردە) کردووەتەوە «پۆل ریکۆر ئەم کاتە بە (زەمەنی هەتایی-جاودانە) پێناسەدەکاو هایدگێر ئەوکاتە نەناسراوانە وەک کاتی مەرگ دەناسێنی. هایدگەر دەڵێ: ئەمە جۆرە تێگەیشتنێکە لە رابردوو و داهاتوو بە پێوەر و رێسای ئەمڕۆ.. وەک دووپاتبوونەوەی رووداوێکی رابردوو لە هەنووکەدا.. بەڵام نە وەک ئەوەی کە بوو، بەڵکو وەک ئەوەی ئەمڕۆ بێتە نواندن» واتە بیچمێکی دیکە، بەڵام ساختەچییانەی رووداوەکانی رابردوو لەمڕۆ و لەناو زماندا. لە قین و قرەی فۆکنەردا هەموو شتێ لەپشت شانۆدا تێدەپەڕێ؛ هیچ شتێ روو نادا، بەڵکو هەموو شت پێشتر روویداوە. زەمەنی هەنووکە هێچ نییە جگە هات و هووتێکی بێ یاسا.. مەگەر داهاتوویەک لە رابردوودا!! رێک وەک مۆنتاژکردن لە فیلمدا، وەک ئەوەی سەدان وێنە بە خێرایی تێپەڕن بۆ ئەوەی وەک جوڵە بنوێنرێن..

هەر بۆیە رۆمانی نوێ کات_شوێن پێکەوە پێناسەدەکا و زمان وەک ئامرازی سەرەکیی نووسین ئەو دووانە پێکەوە (لە فۆرمگەل جیاوازدا) موتوربە دەکا؛ نووسەرانی قوتابخانەی «رۆمانی نوێ» لایان وابوو کات- شوێن رەوایەتێکە جیا لە زنجیرەی زەمەن. «وەک ئاوێکی مەنگ و وەستاو کە لە

# لە ڕۆمانی نوێدا مەودای پەڕین و گەڕانەوە بۆ رابردوو (و بەپێچەوانەوە) زۆرە و تێپەڕین و ئەمشوێن و ئەوشوێنکردن لە پڕا دێنەئاراوە

قووڵاییەکەیدا هەوڵدانێکی لەسەرخۆ و ورد بۆ گۆڕان هەبێ..» زەمەنی حەقیقی لای ئەوان زەمەنی بێکاتییە.. لە زۆر دەقی ڕۆمانی نوێدا ئاماژە بە تێپەڕ بوونی زەمەن ناکرێ و بەس بە پێی شاهێد و نیشانە تێدەگەی کە کات رەنگە گۆڕابێ یان زۆریش گۆڕاوە.. «لەو ڕۆژانەدا تەمەنی ئێرنستۆ شتێ بوو لە نێوان دوازدە تا بیست ساڵدا» یان «چووبوومە کیبۆف، وەک زۆر کاتی ئەو هاوینە» (بارانی هاوینێ دۆراس)

لە ڕۆمانی نوێدا مەودای پەڕین و گەڕانەوە بۆ رابردوو(و بەپێچەوانەوە) زۆرە و تێپەرین و ئەمشوێن و ئەوشوێنکردن لە پڕا دێنەئارا... وەسفی شوێن و شت لە ڕۆمانی نوێدا زۆرە وا هەست ئەکەی جێی زەمەنیان پرکردۆتەوە.. لوسین گوڵدمەن لای وایە کە سێ ڕۆمانی سەرەتای «روب گرییە» تایبەتمەندیی شتانەیی(شئ وارە) ئەوانی (بە سرینەوەی هەرچەشنە ماکی زەمەنی) دەربڕیوە. «بەغێڵی» هەر لە زەمەنی ئێستادا نووسراوە و چوار بەشی ئەو ڕۆمانە هەر بە وشەی ئێستاوە دەست پێدەکا.. نووسەر رابردوویەکی نزیکی لەگەڵ رابردوویەکی دوور پێکەوە هێناوە..

بەم پێشەکییەوە ئەمەوێ سەرلەنوێ «گرەوی بەختی هەڵاڵە» پێکەوە بخوێنینەوە:

«ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەوشاخ، شارەوشار، وڵاتە بە وڵات شوێنت بکەوێ.. تا لێرە، لە ستۆکهۆڵم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵاخانەی ژمارە هەژدە.. لە سینگت بچەقێ..»

ئەوەی لە یەکەم نیگادا لە زمانی ئەم دەستپێکەدا قورس ئەنوێنن لە رواڵەتدا شوێنە؛

شاخ← شار← وڵات← گەڕەک← ستوکهۆڵم← نهۆم← باڵاخانە..

لەنیگای دووهەمدا دەبینین لەم دەستپێکە کورتەدا دوو کەسایەتی دەوری سەرەکی دەگێڕن؛ هەڵاڵە (وەک مرۆڤ) خەنجەر (وەک شت)، ئەگەر لەم خوێندنەوەدا «لەسینگت بچەقێ»تان نەدیبێ حەتمەن لە خوێندنەوەی سێهەمدا سەرنجتان رادەکێشێ و رووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکەشتان بۆ روون دەبێتەوە (مەرگ)، بەڵام ئەگەر جاری چوارەم و پێنجەمیش ئەو دەستپێکە بخوێننەوە بە رواڵەت نیشانەیەک لە کات نابینن.. هەر بۆیە یەکەم پرسیارتان لەمەڕ زەمەن لا سازدەبێ: ئەگەر ئەم دەستپێکە ئاوها بوایە؛ ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک سات بە سات، ڕۆژ بەڕۆژ، ساڵ بە ساڵ شوێنت بکەوێ.. تاد. ئەوکات ئەوە کات بوو کە سەنگینی دەکرد، بەڵام دەبینین کە وانییە. واتە لە بری رەوتی کات، رەوتی شوێن لە پاژەوە بۆ گشت (شاخ تا شار و وڵات) و لە گشتەوە بۆ پاژ(ستوکهۆڵم تا گەڕەک و ژووری کەسایەتی) نوێنراوە. بەو حاڵەش تۆ (وەک خوێنەر) هەست بە هات و چووی کات دەکەی و گەمە زمانییەکەش هەر لێرەدایە؛ کات لەم دەستپێکەدا مەودای نێوان تێپەڕینە لە شاخ و شار و وڵات و گەڕەک و نهۆم.. تا ژووری هەڵاڵە.

لە راستیدا کات هەموو تەمەنی هەڵاڵەیە کە بە گەمەیەکی زمانی و لکاندنی بە شوێن و رووداوەوە ئەوەن زیرەکانە هاتووەتە ناو دەق کە بەڕواڵەت نابینرێت. دواتریش کاتێ دەق راستەوخۆ ئاماژە بە کات دەکا بە هەمان شێوەی ڕۆمانی نوێ دەینوێنێ و زۆری لێناکۆڵێتەوە؛



پۆل ریکۆر ئەیوت؛ «گێڕانەوە ئەوەندەی ماناداره کە تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی کاتی (زەمەن) وێنا بکاتەوە.. چیرۆکی ئەمڕۆ بە وەرگرتنی هەوێنی زێهنی، چۆنیەتیی کات و شوێنەکەی دەگۆڕدرێ..بە یارمەتیی گەڵاڵەی چیرۆک ئەتوانین ئەزموونی کاتی ئاڵۆز و بێ بیچم و تەماویی خۆمان، ڕێک و پێک بکەین یان بەسازکردنی پێکهاتەیەکی دیکە لەوان، مانای نوێ سازبکەین»



« ئەو رۆژە رۆژی یەكشەممە بوو...»
چەند رۆژ لەمەوبەر لە رۆژنامەدا وتارێکم خوێندەوە»٧٢
«ئەو رۆژە کە مەجید دوای چەند مانگ هاتبۆوە»٩٧
زۆر لەوەدوابوو کە مەجید بیری قسەکانی دایکی کەوتبووەوە. بیری رۆژی لە رۆژەکانی شۆڕش٩٦
ئای کە گەڕان بە رۆژی ئاوەها بارانی خۆشە٩٧
یەکەمجار لە رۆژێکی پیرۆزەییدا ئەمەی گوتبوو، نەیدەزانی لەبەرچی پیرۆزەیی، لەبیری نەمابوو٢٢٠
ئەو رۆژەو هەموو رۆژانی تری لەوەدوا٢٢٩

ئەمە هەر ئەو کات- شوێنە یە کە رۆماننووسانی قوتابخانەی رۆمانی نوێ لە فەرەنسە (میشل بوتۆر، ئالان رۆب گری، ناتالی سارووت، دۆراس و..) لە بری سڕینەوەی کات (لە رۆمانی مودێرندا) گرینگییان پێدا و خوێنەری چالاک هەر بەم دەستپێکەدا (کە لە راستیدا گەڵاڵە و پێکهاتی رۆمانەکەشە بۆ وەی کات و شوێن و کەس و رووداوی سەرەکی رۆمانەکەی لەخۆگرتووە) تێدەگا لەگەڵ چ چەشنە دەقێک رووبەڕووە. کاتی ئەم رۆمانە وەک لە سەرەوە ئاماژە کرا دابەش دەبێ بە سێ چەشنە کاتی

ئەلف- زەمەنی ژیان (چارەنووس)

«ژیان و بەسەرهاتی کچەکوردێک کە چارەنووس لە شاخ و دۆڵی کوردستانەوە پەڕیوەی ئەم وڵاتەی کردبوو»ل٢٠٢

ئالان رۆب گری ساڵی ١٩٥٦ لە وتوێژێک لەگەڵ رۆژنامەی «ئێکسپرێس»ا رایگەیاند کە جەوهەری رۆمان خودی ژیانە و پێوەندە بەمرۆڤایەتییەوە، ئەشق و ترس، کات و شوێن، بێدەنگی و مەرگ.. (ئەم ئەشق و ترس و بێدەنگی و مان و نەمانە لە گرەوی بەختی هەڵاڵەشدا بابەتی سەرەکین و لە زمانی سێهەم کەسەوە) کە سەعید رەحمانی نووسەرە دەگێردرێتەوە..

ب- کاتی رەوایەت (کاتی مەرگ)؛

«بەڵام ئیستا کە ئەو کارەساتە روویداوە و هەڵاڵە لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە (کاتی مەرگی هایدگەرتان لەبیر بێ) ئێستا کە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ئێرە ئەو هەموو راپۆرتە راست و دروستەیان لەسەر بڵاوکردووەتەوە، ئێستا کە رۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان ئەو گشتە واقیع و درۆیان لەسەر نووسیوە (وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ بنوێرێتەوە «کەی هایدگەرتان لە بیر بێ) ئیستا ئیتر دڵنیام کە ئەو چیرۆکە دەبێ بگێڕدرێتەوە»ل٢٠٢

پاتبوونەوەی چوار ئێستا لەم پەراگرافەدا جەختکردنی رۆمانی نوێ لەسەر هەنووکەیی بوونی کاتی گێرانەوە چوار پات دەکاتەوە؛

**کات- شوێنی ئوستوورەیی و مێژوویی؛**

ئوستوورەیی؛ «میر خوناوک خەڵکی شارێک بوو لە شارەکانی حەقایت، شارێک بە کۆمەڵێک خانووی گەورەو بچووکەوە.. خەڵکێکی ئاسوودەو بەختیار.. ئەگەر دێوە نەگریس و ناپاکەکان بیانهێشتایە. دێوەکان- دایەگەورە دەیگوت- چاوی بینینی ئاسوودەیی و بەختیاریی خەڵکی هیچ شار و وڵاتێکیان نەبوو.. ماوەیەک بوو لە کێوەکەی تەنیشتی شار دەستیان بەسەر تاقە کانی و سەرچاوەی شارەکەدا گرتبوو..

مێژوویی؛ «بەرلەوەی میرخوناوک پشتێنی لێ توند بکات و بەکێوەکەدا هەڵگەڕێ.. زۆرکەس چووبوون و نەگەڕابوونەوە.. یەک لەوانە حەمە رەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە بوو.. ئەویش چووبوو نەگەڕابووەوە. ئەو نەکوژرابوو. بە دیل گیرابوو.. لە سیاچاڵی

# ئەوەی لای باوک و زمانی زاڵی کولتووری ئەو خیانەتە، لای هەڵاڵە ئازایەتییە. کێ ڕاست دەکا؟

دێوەکانی دەرەوەی خۆیدا ئەسیر کرابوو..».

هەروەها بڕواننە شانۆکارییەکەی برایمۆک و هەڵاڵە و چۆنیەتیی گرێدانی کێشەکانی هەڵاڵە بە ژاندارکەوە.. نووسەرێک دەیەوێ بەسەرهاتی (کات- شوێنی ژیان تامەرگ)ی کەسایەتییەک (هەڵاڵە) و لە ڕێگای ئەوەوە کەسایەتییەکانی دیکەی وەک برایمۆک و... بنووسێتەوە (کات- شوێنی زانستی)

«دڵنیام کە هەست بە هەموو شتێکی دەوروبەر دەکەی. بە جموجووڵی پەرەستارەکەت، بە تکەی دڵۆپەکان، بە ویزەی ئەو مانیتۆرە کە هێڵی مان و نەمانت دەکێشنەوە، بە چرکە چرکی مۆبایلەکەی مەجیدی برات...».

کەسایەتییەک بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی بەسەر دەکاتەوە (کات-شوێنی ڕەوایەت-گێڕانەوە)، لەم زمانەدا ڕابردوو و داهاتوو ڕژاونەتە ناو یەکەوە زەمەنی زانستی هیچ دەورێک نابینی؛ «ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێک بوو؟ چ ڕەنگێک بوو؟ زەرد، سەوز؛ شین یان سوور، قاوەیی.. هەموویان بۆرەقنە و ژەنگاوێ، هەموویان کۆن، وەک مژێکی ڕەنگی کە هەموو شتەکان و کەسەکانی لە خۆ گرتبێت، وەک تەنکە تەمێکی ژەنگاوی کە بەسەر ڕەسمە کۆنەکاندا دەکشێت، دایکی ئەو ڕۆژە لەناو تەنەکە کۆنی ژەنگاویدا فرمێسکی ڕشتبوو..» یان؛

«هەڵاڵە بەڵام ئەوی بینی.. بە حەسرەتەوە لێی ڕامابوو، وەک چۆن دواتر برایمۆک لێی ڕادەما، دواتریش شێرزاد.. هەستا و لێی چووە پێش..»ل٦٠

دەبینین کە مەودای کاتی (لەنێوان) لێڕامانی جەماڵ (ڕابردوو) تا لێڕامانی برایمۆک و دواتر شێرزاد (داهاتوو) ساڵەهای ساڵی خایاندووە، بەو حاڵەش لە یەک چرکەی هەنووکەییدا نوێنراونەتەوە..

ئەم دوو کاتە، ناو بەناو لە پێکهاتەیەکی پتەو دا (هەر چەند بە ڕواڵەت پچڕپچڕ) دێن و دەڕۆن و لە ڕێگەی حەقایەتی «میرخوناوک و خاتووکلاوزێڕ»ەوە دەلکێن بە ئەفسانە و مێژوومانەوە و دەبنە ڕۆمانێ نوێ.

**وەسفی شوێن؛ بۆ جەخت زێدەتر لە سەر شت و شوێنە؟**

وەک ئاماژەکرا نووسەرانی ڕۆمانی نوێ مرۆڤیان بە شت و شوێنەوە پێناسە دەکرد، جەختی مارکسیستەکانیش لەسەر لێکدانەوەی تایبەت لە کات و شوێنی تایبەت بوو.. واتە «ژیانی مرۆڤ پێوەندە بە شوێن و شتەوە.. هەر بۆیە لە «گرەوی بەختی هەڵاڵە»دا مرۆڤ (کەسایەتی) بەردەوام لەگەڵ شوێن و شت وەسف دەکرێ؛

«کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لەکێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی وڵاتی بارانی هەڵدڕیوە؟»ل٧

«پەرستارێک لەو کچە بەلەباریکە سویدیانە.. بەدەوری چرپاکەتدا هەڵدەسووڕێ»ل٨

«مەجید لەبەر دەرکەی ژوورەکە خەریکی ژمارەگرتنە»ل٨

مامە فەتاحی، مامە فەتاحی لە ستۆکهۆڵم بوو، گوڵاڵەی خۆشکی لە یۆرۆبرۆ، دایک و باوکیشی لە کوردستان»ل٨

«شێرزاد ئێستا لە بەرچاویدا هەڵکشا بوو.. وەک پیاوێک لەناو مژی دیوێکدا باڵا بکا.. قاچەکانی.. وەک دوو ستونی هاوتەریب بچەقێن..»ل١٠

«ئارەزوو ئەو کاتانە لە کوێ بوو؟ لە کوێ خۆی دەشاردەوە؟.. تۆقاو و هەراسان بە گوێ دیواری




لە ڕۆمانی نوێدا مەودای پەڕین و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو (و بەپێچەوانەوە) زۆرە و تێپەرین و ئەمشوێن و ئەوشوێنکردن لە پڕا دێنەئارا... وەسفی شوێن و شت لە ڕۆمانی نوێدا زۆرە وا هەست ئەکەی جێی زەمەنیان پرکردووەتەوە



هۆڵەکەدا، لە پشت موبلەکانەوە بەرەو مەبال، حەمام ، یان دیوەکەی خۆی دەچوو..» ل١٢

«ژن و پیاوێکی گەنج بە جلوبەرگی پۆلیسەوە زەنگی دەرکەیان لێدا..» ل١٤

«برایمۆک، کوڕێکی گەنجی ئەسمەر، کە کراس و پانتۆلێکی خاکیی لە بەر دەکرد... چاویلکەی لە چاو دەکرد و کۆڵەپشتێکی بە شانیەوە بەردەدایەوە..»

«سبحەینێ عەسر هەڵاڵە بە کامێرا و زەبت و کۆمەڵێک دەفتەر و کاغەزەوە لە ماڵی مامۆستا بوو..»ل٦٤

لوسین گوڵدمەن لە کتێبی «لایەنگری لە کۆمەڵناسی چیرۆک»دا فراوانیی شت (اشیا) لە رۆمان و چیرۆکی نوێدا وەک رۆشنبینی نووسەران، بە پێی پێشبینی فەلسەفەی زانستی، پێناسە دەکا، لەو روانگەوە جیهانی سەرمایەداری بەرەبەرە دێتە ژێر رکێفی ئامرازەوە و «گۆڕانەوە و پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکا و بایەخی کاسبکارانەی شتەکان دەبنە جێنشینی داهێنەریی تاکەکەس.. شتەکان شوێنیان لە مروڤ تەنگ کردووەتەوە».

«بەو حاڵەش کاتێ دەچوونە دەر، گوڵاڵە سەیری کوڕانی لە بیر دەچووەوە، تەنیا چاوی بە دووکانەکاندا دەگێڕا؛ لە ویترین و جامخانەی فرۆشگەکان ورد دەبووەوە. دەیگوت: «ئەو ملوانکە زیوە.. ئەی ئەو بازنە!.. وای لە بۆنی ئەو عەترە!..لە جوانیی ئەو تەنوورە!... ئەو کراسە پیاوانەش زۆر جوانە.. من کوڕ ببینم کراسی ئاوای لەبەردا بێ؛ دەستبەجی شێت و شەیدای دەبم.» ل٦٥

لە گرەوی بەختی هەڵاڵەشدا دەبینین چۆن ئامراز وەک کەسایەتییەک (جەنجەر) شاخ بەشاخ و وڵات بەوڵات .. وەدووی هەڵاڵە کەوتووە بۆ ئەوەی زەویی لێبکەنە گۆشەی ژوورێکی بچووکی خەستەخانە و تا مان و نەمانی بەرن.

«ئەو خەنجەرە پاشماوەی گەنجێک بوو، پاشماوەی کۆمەڵێک شتی جوان و ئەنتیکە کە رەنگە لە سەدان و بگرە هەزاران ساڵ لەوەبەر لە ژێر خاکی یەکێک لە تەپۆلکەکانی کوردستان شاردرابووەوە».

جەنجەر لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا (وەک رۆمانی نوێی کوردیدا بە راستی سەرەکیترین رەمزی شت (اشیا)ە، رەمزێکی بۆرخیسی، کە بەداخەوە لە هەنووکەی ژیانی بەناو مودێرنی ئێمەشدا هێشتا بەدەست هەندێ کەس و هەندێ لایەن و هەندێ ئایدیۆلۆژیاوە سەرەکیترین دەور دەگێڕێ..

ئەوەی بە وردی ئەو رۆمانەی خوێندبێتەوە تێدەگا کە نێوەرۆکی رۆمانەکە بە گشتی باسی گۆڕانی تاکەکەس دەکا لە کات و شوێنی تایبەتدا؛ گۆڕانی شێرزاد لە پێشمەرگەیەکی خاوەن بڕوا بە وڵات و ئازادیی وڵات و ... بۆ قاتڵی ژنەکەی خۆی.. گۆڕانی هەڵاڵە، کچێک کە لە کات و شوێنێکی تایبەتدا بە دڵخواز لە ژێر گوشاری دەسەڵاتی باوکدا تا سنوورەکانی بە کوڕبوون دەچێتە پێش، جلوبەرگی کچانە وەلادەنێ و کوڕانە دەپۆشێ و هەڵسوکەوت دەکا و بە مست لەدەمی کوڕان دەدا؛

«بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە کوڕە، جلوبەرگی کوڕانەی لەبەر دەکرد»ل٤٨

«هەڵاڵە دەستی هەڵبڕی و بەهەموو هێزی خۆی لە لاڕوومەتی (مەجید یان کەماڵی) سرەواند..»ل٥٦

ئینجا دژ بە بۆچوونی باوکی ئاشق دەبێ و ژاندارک ئاسا لەوانەیە بسووتێنرێ؛

«گوێ بگرە هەڵاڵە! تۆ دەوری ژاندارک دەبینی، دەوری فەرماندەی سپایەکی رزگاریخواز کە گرتوویانە

و خەریکن مەحکەمەی دەکەن.»ل١٨٧
دواتر لە کات و شوێنێکی تایبەتی تردا (لە رۆژئاوا) لەبەرچاو شووەکەی بە رووتی لەگەڵ کوڕەمامەکانی مەلەدەکا و بە ئاویاندا دەکا و لەوە زێدەرەویتریش دەکا و لە دڵەوە (بەیادی برایمۆک!) ئاشقی دوکتۆر سەعید دەبێ و جەسوورانە تا سنوورەکانی مردن و مان نەمان دەڕوا..

ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی دیالێکتیکییە و لە کەمایەتییەوە تا چەندایەتی، پچڕان لە کولتووری نەریتی، دەپێوێ؛

«لەوەدوا هەڵاڵە هەرچی هەوڵی دا ئەو کچە تازە دەرکەوتووەی دەروونی بەندبکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ سیاچاڵە بێ ناونیشانەکەی پێشووی نەیتوانی.»

بڕواننە کاتی ئەو پچڕانە کە بە شێوەیەکی رەمزی هاتووەتە دەق و لەوپەڕی ئەدەبی بووندا دوایین پچڕانی هەڵاڵە دەنوێنێ لە هەموو بایەخە کولتوورییەکانی پێش خۆی و قومێ ئاویش بەدوایدا دەخواتەوە؛

« لە بیرت نەچێ کە تۆ منت بۆ ئەو عەجەمە سەگبابە لەماڵی خۆم دەرکرد (شێرزاد) بەداماوییەوە گوتی بەوپەڕی داماوی و بێ دەسەڵاتییەوە.
هەڵاڵە هێلنجی هاتێ. گوتی: «بڕۆ ملت بشکێنە»... هەڵاڵە رشایەوە. تا خۆی گەیاندە حەمام لایەک لە هۆڵەکەی پیس کردبوو.. لە حەمام ئەوەی کە لە چەند ساڵ لەوەبەرەوە خواردبووی، یان ئەوەی کە لە چەندساڵ لەوەبەر ژیابوو، رشایەوە. رشانەوەیەکی تراو، دوایی زەرداوێکی تاڵ، پاشان کەف و کوڵ. کە هێڵنجەکانی تەواو بوو.. چووە ناو وانی حەمامەکە و شێری ئاوپاشەکەی بەردایەوە..بارانێکی بەخوڕەم بەسەریدا باری..»ل٢٧٩

بە پێی دەق ئەم گۆڕانانە بەپێی هەوڵ و تەقەلا و زانست و ئاگایی مرۆڤ لە رەوتی مێژوویی کولتووری وڵاتی خۆ و وڵاتانی رۆژئاوا وەبەرهەم نایەت و کە وەبەرهەمیش هات بە ئاسانی ناتوانێ لەبەر نیشی خەنجەری زمانی دەسەڵات (ئیپیستمەی زاڵ) خۆی بگرێ و بەردەوام بێ..

هەر بۆیە (باوەکوو کات- شوێن بە رواڵەت پچڕپچڕە) لەباری پێکهاتەوە پتەو داڕێژراوەو مووناچێ بەبەینیدا؛

«ئەو چیرۆکە گەلێک دوور و درێژتر دەبوو ئەگەر هەڵاڵە.. ئەوەند نیگەران و سەراسیمە نەبوایە.. . نیگەران و سەراسیمە بوو. بە پەلەپەل و پچڕپچڕ رۆژ و ساتەکانی وەبیری دەێنایەوە. رۆژ و ساتەکانی لە غوربەتی کوردستان و لە تاراوگەی سوید..» ل٢٠٣

هەموو پاژەکانی ئەم رۆمانە (چ وەک کات، چ وەک شوێن، چ وەک کەسایەتی و رووداو و هۆکارێتی بابەت) زۆر بە سانایی، تەنانەت لای خوێنەری مامناوەند) پێکەوە دەلکێنەوە و مەبەست یان مەبەستگەلی خۆیان دەپێکن.. لەم خوێندنەوەدا باسی ئەرێنی و نەرینی ئەو گۆڕانانە ناکەین بۆ ئەوەی دەق لە چەندین توێژی مانایی(ئەفسانە و نائاگایی کۆمەڵ، مێژوو و سیستەمی گێڕانەوەدا، هەوڵی داوە هەردوو بەرەی پێشوو (حەمەرەشید ئاغا و شێرزاد و رەعناو..) و نوێ (هەڵاڵە و مەجید و دوکتۆر سەعید رەحمانی) هەر کام بە فکر و زمان و بۆچوونی خۆیانەوە، بنوێنێتەوە و هەر دووبەرە مەنتیق و ئیستدلالی تایبەتی خۆیان هەیە؛

«شێرزاد: هەڵاڵە ئەم شارە بە هەموو جوانیە رواڵەتیەکەییەوە، دەڵێی ئەژدیهایەکە کەڵبەی لە رۆحم گیرکردوە، خەریکە هەنجن هەنجنم دەکا. خەریکە قووتم دەدات..»ل٢٧٣



جەنجەر لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا وەک رۆمانی نوێی کوردیدا بە راستی سەرەکیترین رەمزی شت «اشیا»ە، رەمزێکی بۆرخیسی، کە بەداخەوە لە هەنووکەی ژیانی بەناو مودێرنی ئێمەشدا هێشتا بەدەست هەندێ کەس و هەندێ لایەن و هەندێ ئایدیۆلۆژیاوە سەرەکیترین دەور دەگێڕێ



«ژنانی لائیمە کە پێیان دەگاتە ئێرە هەر زوو هەموو داب و نەریتوبەها ئەخلاقییەکانی لای خۆمان فەرامۆش دەکەن، هەموو شتەجوانەکانی خۆمایان لەبیردەچێتەوە..»

«مەجید: من بێئەوەی ژن یان پیاو تاوانباربکەم دەزانم کە بەشێک لە کێشەی بنەماڵەیی پەنابەران لە جیاوازیی کولتووری ئێرە و وڵاتەکەی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێ.»ل٧٣

«هەڵاڵە: ژنی پەنابەر لێرە بە پێچەوانەی وڵاتی خۆی ئاگاداری مافەکانی هەیە و بە مرۆڤ بوونی خۆی دەزانیت. کە وایە هەرکاتێک بزانێ مافەکانی پێشیل دەکرێ و مێردەکەی وەک مرۆڤ سەیری ناکات...لێی جیادەبێتەوە»ل٧٢. «حەمە ڕەشید ئاغا: بێ غیرەتیی تۆ، حەیا و شەرەفی منی برد. حەیاو شەرەفێک کە بە ساڵەها زیندان و ئەشکەنجە و خەبات و ئاوارەیی کۆمکردبووەوە..»ل٣٠٥.. دەبینین کە حەقیقەتەکان زۆرن و هەرکام لەو حەقیقەتانە لە کات- شوێنی دیکەدا دەبنە خیانەت و ناحەقیقەت؛ حەمە رەشید ئاغا حەقیەتی، بۆ ئەوەی بە راستی هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکانی لەناو کات -شوێنی خۆیدا دۆڕاندووە و سووکایەتیی پێدەکرێ... هەڵاڵەش لە کات- شوێنی خۆیدا حەقیەتی بۆ ئەوەی مافەکانی پێشێل دەکرێ.. واتە ئەوەی لای باوک و زمانی زاڵی کولتووری ئەو خیانەتە. لای هەڵاڵە ئازایەتییە. کێ راست دەکا؟. «فێمنیستەکان کە رەگی ملیان ئەستوور دەکەن و دژ بە توندوتیژیی پیاوانی پەنابەر دەدوێن» ل٣٢١

یان شێرزادەکان کە وڵاتە و وڵات وەدوای عەشقی خۆیان کەوتوون.. و شەرەف و خەنجەر؟

«کڵۆڵ شێرزاد... شێرزاد؟» یان «کڵۆڵ هەڵاڵە کە بە میشکی تێکقرماو و دڵی هەڵدڕاوەوە لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە.»ل٣٢٠

وەک گوترا کات شوێن کێشەی ڕۆمانی نوێیە؛ دۆراس (لە نووسەرانی شەپۆلی رۆمانی نوێ لە فەرەنسا) کات شوێن وەک شوێنگە و ریشەی سۆز و عاتیفە و بیرەوەری و سەرکەوتنەکانی تاک دەناسێنێ و بایەخەکانی تا حەددی کەسایەتی دەباتە سەر** و دەبێتە چەمکێکی ئایدۆلۆژیانە؛ لەگرەوی بەختی هەڵاڵەشدا ئەوگرینگی پێدانە بەئایدیۆلۆژیکردنی کات- شوێن هەست پێدەکرێ؛ بڕواننە باسی «بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەبیانووی کارەساتەکە»ل٣٢١.. یان باسی «ڕۆژنامە و بەیاننامەی رادیۆکان و دانیشتن و مێزگردی تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان و بیروبۆچوونی جیاوازی راسیستەکان..»ل٣٢٠

هەر بۆیە ئەم خوێندنەوە کات_شوێنی گرەوی بەختی هەڵاڵە وەک کات_شوێنی رۆمانی نوێ هەڵدەسەنگێنێ و بە دەلاقەیەکی تازەی دەزانێ بەرەورووی جیهانی دەقی ئەدەبیی کوردی.

*بڕواننە شانۆگەرییەکەی ژاندارک و بە مێژووییکردنی کێشەی هەڵاڵە لەم رۆمانەدا.

**لە «لاموزیکا»ی دۆراسیشدا، کەسایەتیی ژن ئەیەوێ هەموو ژیانی خۆی و فەرەنسا لەبیر بەرێتەوە و کەسایەتی پیاو هەوڵی پاراستنی هەموو ئەو شتانەدەدا و ئەپارێتەوە بۆوەی لە فەرانسەدا بمێننەوە.. لە« جێگری باڵوێز»یشدا (رۆمانێکی دیکەی دۆرراس) خووگرتن (راهاتن)بە کەلکەتە بۆ «ماری ئسترەتێر» و باڵوێزیار ئەستەمە ، بەڵام کچەکە هەوڵئەدا لەگەڵ ئەو شوێنە نوێیە رابێت...

**سەرچاوەی زۆربەی نەقلەکان ئەم دوو کتێبەن:**

*گفتمان نقد- حسین پاینده.

*رمان نو و سینما- مهراور جعفرنادری.